د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان & پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن – ستۆکهۆلم .
2007:09.09

# شێرپەنجە

شێرپەنجە ، لە نێو کوردەواییدا زێدەتر بە زاراوە عارەبییەکەی (سەرەتان) ناسراوە ، ئەو زاراوەیەیە کە دڵی هەمووان رادەچڵەکێنێت . بە بێ جیاوازی لەوانە هەموو کەسێك تووشی جۆرێك شێرپەنجە ببێت . هەرچەندە زۆربەی زۆری ئەوانەی تووشی شێرپەنجە دەبن وا دەزانن کە بە هۆی نەخۆشییەکەوە دەمرن وەلێ ئەمڕۆ بە هۆی پێشکەوتنی زانستی و مێتۆدی نوێی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنەوە شێرپەنجە مانای مردن نییە بەڵام لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی مرۆ . ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی پزیشك پێیان رادەگەیەنێت کە تووشی شێرپەنجە بوون راستەوخۆ بەو هەواڵە ناخۆشە نامرن . وەلێ ژمارەیەکیان چەندان ساڵ بە ئاسایی دەژین و لەو ساڵانەدا کە نەخۆشن زانیارییەکی باش لە مەڕ نەخۆشییەکەیان فێردەبن . زۆربەیان ئەو راستییە دەزانن و تێدەگەن کە نەخۆشن و رۆژێك دێت ئەوانیش وەك کەسانی دی بمرن . ئەو نەخۆشانەی کە ئاگاداردەکرێنەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەی شێرپەنجەوە لەماوەیەکی کورتی نادیاردا دەمرن ، بۆ ئەوانە هەواڵێکی زۆر ناخۆشە وەلێ لە گەڵ ئەوەشدا نەخۆشی وا هەبووە زۆر ئازایانە چاوەڕوانی مردنی کردووە و نەترساوە . ئەنجامی توێژینەوەکان و ئامارەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە پاش ئەوەی پزیشك مرۆ ئاگاداردەکاتەوە کە ئەو کەسە شێرپەنجەیەتی زۆربەی زۆری نەخۆشەکان تێڕوانینیان لە ژیاندا دەگۆڕدرێت و هەوڵ دەدەن ستایلی ژیانیان بگۆڕن و بایەخ بەگەلێ شت بدەن وەلێ لە زۆربەی زۆری بارەکاندا لای ئەوان پارە و سامان بایەخی نامێنێت !!

لەم ساڵانەی دووایيدا ئامارەکان ئەو راستییانە دەخەنە روو کە ژمارەی منداڵە شێرپەنجەدارەکان لە زێدبووندا وەلێ خۆشبەختانە توانراوە زۆربەی زۆریان چاك بکرێنەوە . هەرچەندە لە کوردستاندا هۆکاری زۆر هەس بۆ دەرکەوتنی جۆرە جیاوازەکانی شێرپەنجە وەلێ تا ئەمڕۆ زانستییانە نەتوانراوە ئاماژە بە هۆ و هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی رێژەی شێرپەنجە لە کوردستاندا بکرێت .

## مێکانیسمی دروستبوونی شێرپەنجە (1)

لەشی مرۆ لە چەند کۆئەندامێك پێکهاتووە و هەریەکێکیان لە چەندان ئەندام (ئۆرگان) یێك دروست بوون و ئەمانیش لە لە چەندان ملیارد خانە پێکهاتوون . بە پێ ی شوێنەکانیان خانەکان لە لەشدا ئەرکی جیاواز ئەنجام دەدەن . کاتێك خانەیەك پیر دەبێت و دەمرێت خێرا خانەیەکی دی وەك خانە مردووەکە شوێنی دەگرێتەوە و هەمان کاری خانە مردووەکە ئەنجام دەدات . لە ئەنجامی دابەشبوونی خانەکاندا لە نێو لەشدا خانەی نوێی سەربەخۆ دروست دەبن . وەلێ ئەوەندە خانەی نوێ دروست دەبێت کە لەش پێویستییەتی . خانەیەکی ساخ دەزانێت کەی پێویستە دابەش ببێت ، کەی پێویستە دابەش بوونەکە رابگرێت و کەی دەمرێت بەو شێوەیە برینێك سارێژ دەبێت یان چاك دەبێتەوە .



خانەی ئاسایی (1)



خانەی بڕراو (1)



خانەیەك خەریکە چاکدەبێتەوە (1)

کاتێك برینێك سارێژدەبێت ئەوسا خانە لە دابەشبوون دەکەوێت یان دەوەستێت . تێکچوونی شێوەی دابەشبوونەی ئەو خانانەی پێشووتر باسمان لێوەکرد دەبێتە هۆی شێرپەنجە . لەم بارەدا خانەیەکی پێشووی ساخ بە هەڵە دەست بە دابەش بوون دەکات و نازانێت کەی پێویستە ئەو دابەشبوونە دەوەستێت یان کەی دەمرێت . بێ کۆنترۆڵکردن و بێ راوەستان بەردەوام خانەکە خۆی دابەش دەکات . ژمارەیەکی لە رادە بەدەر (فرە) خانە دروست دەبێت و پاشتر دەبێتە پێکهاتوویەکی گچکە کە ناونراوە شێرپەنجە (Tumor) . ئەم شێرپەنجەیەش نەوەی نوێ مێتاستاس (Metastas) دروست دەکات و لە رێگای خوێنەوە دەگوێزرێتەوە . ئەوەی راستی بێت لە لێوکیمیادا شێرپەنجە دروست نابێت لەبەر ئەوەشە مێتاستاس دروست نابێت . وەلێ لێوکیمیا دەتوانێت بە نێو لەشدا بڵاوبێتەوە و بگاتە کۆئەندامی ناوەندی دەمار (مێشك) ئەمەش دەبێتە هۆی زێدبوونی پەستانی نێو کەللەی سەر و هۆیەکە بۆ دەرکەوتنی ژانەسەر وهێڵنجدان .

## هۆو هۆکاری نەخۆشییەکە

ئەمانە لە لایەك وەلێ چەندان هۆکار و هۆ هەن کە بەشی خۆیان مەترسی تووشبوون یان دەرکەوتنی شێرپەنجە زێد دەکەن . بۆ نمونە لە کۆتایی ساڵی 2006 دا توێژیارانی سویدی ئەنجامی توێژینەوەیەکیان بڵاوکردەوە کە 80 هەزار کەس بەشدارییان تێدا کردبوو . لەو توێژینەوەیدا ئاماژەی پێ دەکرێت کە خواردنەوەی هەموو جۆرەکانی ساردی مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی پەنکریاس زێد دەکات .

ئەوە جگە لە چەندان گازی چەکی کیمیایی و ژاراوی دی ، ئەگزۆزی ئۆتۆمۆبیل ، جگەرەکێشان ، ڤایرۆس ، ئەنتیبایۆتیك ، پاشماوەی کیمیاوی کارگەی پێترۆکیاوی و ئەتۆمییەکان ، پیسبوونی ژینکە ، بۆماوە ... تاد کەم یان زۆر رۆڵیان لە دەرکەوتن یان زێدبوونی شێرپەنجەدا هەیە . ئەمانە لە لایەك لە لایەکی ترەوە چەندان هۆکاری نەزانراو هەس کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشییەکە یان هۆکاری یارمەتی دەرن و مەترسی دەرکەوتنی شێرپەندە زێد دەکەن . ئەنجامی زۆربەی زۆری توێژینەوەکان ئاماژەی پێدەکەن کە زۆرخواردنی میوە ، سەورە ، ماسی ، پەتاتە ، مۆز زۆربەسوودە بۆمرۆ لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی زێدکردنی بەرگری لەشی مرۆ . هاوکات کەم خواردنی گۆشتی گا ، مانگا و بەراز مەترسی تووشبون بە شێرپەنجە کەم دەکەنەوە .

## خرۆکەی سپی (لێوکۆسایت)

پێکهاتەیەکی گرنگی خوێنن ، ئەم خرۆکانە رۆڵی بەرگریکردنی لەشیان لە ئەستۆدایە ، وەك سەرباز بەرگری لە لەش دەکەن دژی بەکتریا ، ڤایرۆس و میکرۆئۆرگانیسمەکانی دی . ژمارەیان لە گەورە و لە منداڵدا جیاوازە . گەر بێتو نائاسایی ژمارەیان زێد ببێت ئەوا زۆری ژمارەیان رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ هەوکردن و شێرپەنجە .

## خرۆکەی سوور

ئەم خرۆکانە رۆڵی گواستنەوەی ئۆکسجینی لە نێو لەشدا لە ئەستۆدایە . ژمارەیان لە گەورە و لە منداڵدا جیاوازە . کەمبوونەوەی ژمارەیان لە نێو لەشدا دەبێتە هۆی کەمخوێنی و ئەوسا مرۆ هەست بە ماندووبوون و شەتەکی لەش دەکات و هاوکات نەخۆش رووخساری زەرد یان سپی هەڵدەگەرێت .

## خەپلەکانی خوێن (ترۆمبۆسایت)

رۆڵی سەرەکی ئەم خەپلانەی خوێن لە رۆڵی خۆکەسپییەکان کەمتر نییە ، ئەمان دەبنە هۆی چاکبوونەوە یان دروستکردنەوەی خانە تێکدراوەکان (برینداره‌کان) . ژمارەیان لە گەورە و لە منداڵدا جیاوازە . گەر ژمارەیان کەم ببێتەوە ئەوا دەڵێین کە مرۆ خوێنەکەی کاڵ بۆتەوە ئەوسا بە ئاسانی خوێنی بەردەبێت و ئەگەر شوێنێکی بریندرابێت ئەوا بە نارەحەتی خوێنەکەی دەگیرسێتەوە .

## گەر مرۆ ئەم نیشانانەی هەبوو ئەوا پێویستە پەیوەندی بە دختۆرەوە بکرێت :

– گرێی ، بن باخەڵ ، ناوگەڵ ، گونەکان ، مەمك ، یان لامل کە بێ ئازارن و پەیوەندی بە هەوکردنەوە نییە .

– خوێنبەربوون ، تف و بەڵغەمی خوێناوی ، میز یان پیسایی خوێناوی ، خوێنبەربوونی نێوان مەهەکی مانگانەی ئافرەتان ، خوێنبەربوونی کۆئەندامی زاوزێ ی ئافرەتی بەساڵاچوو .

– گۆرانکاری سەر پێست و خاڵ ، کاتێك گۆرانکارییەکە یان خاڵەکە نارێکوپێکە ، رەنگی دەگۆرێت ، گەورە دەبێت ، خوێنی لێ دێت یان دەخورێت ، دەرکەوتنی برینێکی هۆنەزانراو کە چاك نابێتەوە .

– کۆکەو دەنگ نوساندن لە 2 هەفتەدا تەواو نابێت ، لە مرۆی بەساڵاچوودا ، ماوەیەکی درێژ گیراوە (قەبزە) یان سکی دەچێت بێ ئەوەی هۆکەی بزانرێت .

– گیروگرفتی قووتدان کە پەیوەندی بە هەوکردنی مەرازەکان یان گەرووەوە نییە .

– گیروگرفتی میزکردن کە پەیوەندی بە میزەرۆسۆوە نییە ، یان ئەوەتا میزەکە پچر پچر یان کەمدەکات ، فرە میز دەکات .

– تالیهاتنی تولانی بێئەوەی هۆکەی بزانرێت . (تالیهاتن بەشێکی ئاسایی کۆئەندامی بەرگری لەشە) .

– تێکچوونی ئیشتیهای خۆراکخواردن .

– نیشانەی ناروونی کۆئەندامی دەمار وەك ئازاری درێژخایەن ، گۆرانکاری لە کەسایەتی نەخۆشدا ، تێکچوونی هەستی مرۆ بێ ئەوەی هۆکەی بزانرێت .

ئەوەی شایانی باسە دەرکەوتنی نیشانەکانی شێرپەنجە ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت وەلێ خۆشبەختانە ئەمرۆ چەندان مێتۆدی جودا هەس بۆ چارەسەرکردنیان . بە پێی رێکخراوی تەندروستی دنیا (WHO) ساڵانە نزیکەی 11 ملیۆن مرۆ دەستنیشانی شێرپەنجەیان بۆ دەکرێت .

ساڵانە نزیکەی 7 ملیۆن کەس بە شێرپەنجە دەمرێت ، نزیکەی لە 12.5٪ ی رێژەی مردنی دانیشتوانی جیهان دەگەرێتەوە بۆ شێرپەنجە . هەمان رێکخراو وا مەزەندەی دەکات کە ساڵی 2020 نزیکەی 16 ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجە دەبێت .

## بەرتەکی دەروونی شێرپەنجە

کاتێك مرۆ لە لایەن پزیشکەوە ئاگاداردەکرێتەوە کەوا تووشی نەخۆشییەکە بووە تەنانەت گەر مرۆ خۆشی بۆ ئامادە کردبێت ئەوا سەرەتا بەرتەکێکی دەروونی وەك سەرلێشێواوی و نائارامی دەروونی لا دروست دەبێت کە هەندێك جار مەحاڵە نەخۆش کۆنترۆڵی خۆی بکات . لە زۆربەی بارەکاندا نەخۆش نێگەتیفە بەرانبەر شێرپەنجەو وای نیشان دەدات کە ئەو تووشی ئەو جۆرە نەخۆشییە نابێت . بەڵام کاتێك کە لای روون دەبێتەوە تووشی شێرپەنجە بووە ئەوسا خەمبار ، بێزەوق ، نائارام وتوورەیشی تیادا دەردەکەوێت .

بە پێی پسپۆرانی ئەم بوارە باشتر وایە کە نەخۆش گوێرایەڵی ئامۆژگارییەکان و ئەو دەنگە باشانە بێت کە سووکنایی دەروونی پێ دەدەن . تەنانەت کاتێك چارەسەرکردن دەست پێدەکات ئەوسا شێرپەنجەدار دووچاری نائارامییەکی دی دەبێت ، باشتر وایە نەخۆش پەیوەندی بە پزیشك یان کارمەندانی نەخۆشخانەوە توندتربکات بە مەبەستی راوێژکاری و

دڵنەوایی . زۆربەی شێرپەنجەداران هەوڵ دەدەن بە پێی تواناو کات سوود لە خۆراک ، خۆشی ، گەڕان ، وەرزش و گوێ لە مۆزیك وەربگرن بۆ ئەوەی تەندروستییان باشتر بێت .

## ئازار لە شێرپەنجەدا

ئەوەی راستی بێت یەکێك لەو گیروگرفتە چارەسەرنەکراوانەی کە دێتە رێی پسپۆر و کارمەندانی پسپۆری شێرپەنجە بریتییە لە ئازاری شێرپەنجەدار . جاری وا هەیە نەخۆش ئەوەندە ئازارشکێن وەردەگرێت پێویست دەکات مرۆ لە جێگەدا بمێنێتەوە و وەك مردووی لێدێت یاخود خوو بە ئازارشکێنەکانەوە دەگرێت .

وەلێ لەوانەیە ژمارەیەك نەخۆش زۆر بە هێزبن و بەرگەی ئازارەکەیان بگرن و جار جارێك بکەونە سەر پێی بگەڕێن یان چەند کاژێرێك کاربکەن . ئەوەی راستی بێت زۆربەی زۆری شێرپەنجەکان کەم یان زۆر دەبنە هۆی ئازار . زۆرجاران شێرپەنجەیەك گەورە دەبێت پەستان دەخاتە سەر دەمارێك و ئەوسا بە **ئازاری دەماری** نێودەبرێت .

کاتێکیش شێرپەنجەکە پەستان دەخاتە سەر ئۆرگانێك ئەوا **ئازاری ئۆرگانی** دەردەکەوێت . وەلێ کاتێك نەخۆش ئەوەندە دەناڵێنێت بە هۆی نیشانەکانی شێرپەنجەکەیەوا ئەوسا ئەو ئێش و ئازارە جۆرێك ئازار پەیدا دەکات کە ناسراوە بە **ئازاری دەروونی** . ئەوە جگە لەوەی هەندێك نەخۆش شەرمنن و ناوێرن یان لە روویان نایەت باسی نەخۆشییەکەیان بکەن و دەروونیان ئازاریان دەدات و لەبەرئەوە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانیان سنووردار دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جۆرێك **ئازاری کۆمەلایەتی** . لە هەندێ باردا ئازاری نەخۆش بە هیچ ئازارشکێنێك تەنانەت بە مۆرفین دانامرکێتەوە ئەوسا نێوی **ئازاری نادامرکاوەی** لێدەنرێت .

## جۆرەکانی شێرپەنجە

1- شێرپەنجەی باش ، واتە (Benign Tumor) .

2- شێرپەنجەی خراپ ، واتە (Malignant Tumor) .

## جوداکردنەوەی شێرپەنجەکان

ئەوەی راستی بێت نزیکەی 200 جۆر شێرپەنجە هەیە ، لە مرۆی بە ساڵاچوودا شێرپەنجە ئاسایی یە وەلێ لەوانەیە لە هەموو تەمەنێکدا دەربکەوێت گرنگترینیان ئەمانەن وەلێ ژمارەیەکیان تایبەتن بە باسەکەمان :

### 1- شێرپەنجەی ژنان

- شێرپەنجەی مەمك ، ماسولکە گرێی منداڵدان ، هێلکەدانەکان ، منداڵدان (دەم ، مل یان پاشکۆ) ، گولێنك ، میزەڵدان و گرێی مەمك .

### 2- شێرپەنجەی پیاوان

- پرۆستات و گوونەکان .

### 3- شێرپەنجەی گەدە و ریخۆڵەکان

- شێرپەنجەی پەنکریاس ، جگەر ، نێوپۆشی گەدە ، ریخۆڵە ئەستورە و کۆم .

### 4- شێرپەنجەی پێست

- مالیگن میەلانۆم و شێرپەنجەی پێست .

### 5- شێرپەنجەی دی

- لێوکیمیا ، لیمفۆم ، گورچیلەکان ، مێشك ، سورێنچك ، سییەکان ، نێوپۆشی بۆری هەناسە و مەرازەکان .

## مێژوو

– نزیکەی 1500 ساڵ  پ . م  بۆ یەکەم جار لە مەڕ شێرپەنجە نووسراوە .
– پاش پشکنینی پەیکەری ئێسکی مۆمیاکراوەکاندا جیٚ ی شێرپەنجە دیار کراوە .
– نزیکەی 100 ساڵ پاشتر باوکی پزیشکی هیپۆکرات دەبێژێت شێرپەنجە بریتییە لە تێکچوونی هەر 4 شلەکانی نێولەش (رەش ، زەرداوی  زراو ، خوێن و لیک) .
– ساڵی 1658 بۆیەکەم جار توانرا خوێن گواستنەوە لە نێوان گیانلەبەراندا ئەنجام بدرێت .
– ساڵی 1667 بۆ یەکەم جار خوێن لە مەڕێکەوە گواسترایەوە بۆ مرۆڤ .
– ساڵی 1720  Jean Louis Petit  ئامازەی پێکرد چۆن شێرپەنجەی مەمك بۆ گرێ لیمفەکانی بن باڵ بڵاودەبێتەوە .
– ساڵی 1809 پزیشکی ناسراو Efraim McDowille سەرکەوتووانە بە رێگای نەشتەرگەری توانی یەکەم شێرپەنجەی هێلکەدانەکانی ئافرەتێك لاببات کە نزیکەی 10 کیلۆ بوو .
– ساڵی 1899هەردوو Tage Sjögren  و Thor Stenbeck  یەکەم شێرپەنجەی پێست یان لە دنیادا خستە روو .
– ساڵی 1956 یەکەم نەشتەرگەری چاندنی مۆخی ئێسك  ئەنجامدرا .

**سەرچاوەکان**


1. Cancer, cancer fonden. Stockholm 1998.
2. Malignt Lymfom. cancerfonden, Stockholm. 1999.
3. Gun Leander, Leva med cancer. Stockholm.2003.
4. www.dagensmedicine.se © 061127.